# بۆکان له ئەمڕۆ و له مێژوودا(٤)

نووسینی: تاهیر عەلیار

*[[ **ڕوونکردنەوە و داوا**: زنجیرەی نامە و دۆکومێنت، وەرگیراو لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت، ڕەنگە لە لایەن ڕێزمان و شێوەی نووسین و بەکار هێنانی وشە، لە گەڵ زمانی کوردی سەردەمی ئێستا جیاواز بێ، هەروەها ڕەنگە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی نووسەری کتێبەکە، پێویست بە زانیاریی و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بێ. ئێمە ناتوانین دەست لە زمانی کتێبەکە وەربدین، بەڵام ئەگەر زانیاریی باوەڕپێکراو لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە بگاتە دەستمان، بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکەیەوە، بڵاوی دەکەینەوە.]]*

*وێڕای سپاس بەرپرسانی پرۆژەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا*

## دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان ، نامەو دوکۆمێنت(٥-٤)

### نامەی حەمەرەشیدخان بۆ وەهاب ئاغا

بۆ سەرکردەی هێزی بارزانی ئاڵتوونی سەروو وەهاب ئاغا

مەوزووع : شایعەی درۆی ئەوناوەیە. ئیشارەیەبەنووسینی ژمارە....ڕۆژی 18-2-25 تان

تە شەکوری حسیات و تەنزیمی رابیتەی ئیستخبارات تان ئەکەم. بەڵام من حەڵقی ئەو وڵاتەباش تر ئەناسم . زۆر قەومێکی بێ دیقەت وموبالەغەچی و درۆزنن. قاعیدەی ئەم میلەتەوایەمێشیک بەگامێشیک بەدائیرەنیشان ئەدەن. لەگەڵ ئەمەشا هیمەت بکەپیاوی مودەقیق و شارەزا بنێرەبۆ تەحقیق و ئاگادارم بکەوە.

بەنووسراوەی ژمارە197 رۆژی 16-2-25 بۆم نووسیبووی بۆ ئیعادەی وڵاغەکە، رەجایەبەئەوەڵ وەسیلەئیعادەی بکەوەخاوەنەکەی هەراسانی کردووین. ئەمن هەولی وڵاغێکی ترتان بۆ ئەدەم.

واژۆی فەرماندەی هیزی بۆکان و مەنتەقە

---

### نامەی حەمەرەشیدخان بۆ مستەفابارزانی

دایرەی فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەلەسەرا

بۆفەرماندەی تەواوی هێزی بارزانی جەنەراڵ مایور مستەفا لەبۆکان

مەوزووع : لەشکری زەرزا و مانەوەیانەلەو ناوە

ئیسارەیەبەنووسراوەی ژمارە10 هرۆژی 18-2-25 تان

لەخوسووس ئاغایانی ئێلخانیزادەو بڵاوکردنەوەی کۆمەگیان تەشەکوری حسیات و جهەتی بەرزتان ئەکرێ . بۆ مەسەلەی لەشکری زەرزا کەرەوانەی جەبهەبکرێ ، لەو وەختەدا جێگا زۆر تەزییقەو باوەڕ ناکەم لەبەر عێدەی بارزانی ئەو دێهاتەعیدەی دیکەهەڵبگرێ . بۆ تەئمینی جێگا و محەلی ئەقامەتیان بەوزوانەتەرتیبات ئەکەین . بەڵام تکایەتەبلیغیان بفەرموون هەتا دەستووری سانی هەر لەو دێهاتانەدا رابوێرن.

فەرماندەی هیزی بۆکان و مەنتەقەت سەرا

---

**نامەی ئەحمەدخانی فاروقی - هێزی دیموکراتی کوردستان - لکی بۆکان**

ژمارە33 بروار 19-2-25

مەحرەمانەو موستەقیم          فەرماندەی موعەزەمی هێزی بۆکان و مەنتەقە

لەبەر ئەوەکەئەفواهەن مەشهوورەکەئاغایانی حاجی شەهاب و محەمەد حسین خان و محەمەدەمین بەگی یەنگی کەند و ئاغایانی ینگیجەو ئەحمەدبەگی ئەحمەداوا بەوەسیلەی رەشیدخانی قەلەندەر قەسدیان لەگەڵ عەجەم هەیەو تەئمینیان وەرگرتوەو مدەتێ لەوەپێش محەمەدحسێن خان بەنمایەندەگیی ئەو ئاغایانەلەدێی قەڵەندەر حاج ئەمیری ملاقات کردوە. دووبارەلەدێی دەرزیوەلی کومیتەیان بوەو کاغەزیان بۆ سەقز نووسیوەو لەتەرەفی دیکەوەلەبەر بەعزێئیزهاراتی حوسێناغای قاجر کەعالەمی توقاندوە. گەڕانەوەیشی بۆ یازی بڵاغی مەنزوور خۆ دزینەوەبوە. مەحرەمانەدەگەڵ کوڕی عەلیاغا و سوڵتاناغا گفتوگۆی هەیەباوەڕ بفەرموو بەهۆی ئەوانەکورد نەماوە. چەند نەفەرێک لەئاغایان بەگزادەکەلەمەقەیدبەندەدان بەبیستنی ئەو قسانەمتەزەلزل بوون و بەندەبەئەنواع و ئەقسام شەو و رۆژ تەشجیعیان ئەکەم فەقەت ئیعتبار ناکەن و مەئیوسن و بەندەش سوێندم خواردوەخەیانەت بەکوردی پاک و کوردستان و پێشەوا نەکەم، کەتمانی ئەو گوزاریشەبەخەیانەت دەزانم لەبەر ئەوەعەرزم کردی . رەجا ئەکەم بۆ حفز ئابرووی من تەوەجوهی مەخسووس بفەرمووی.

ئەحمەدفاڕووقی19021325

---

**نامەی حەمەڕە شیدخان بۆ پێشەوا قازی محەمەد 20021325**

هێزی دێموکڕاتی کوردستان (لکی بۆکان)

بۆحەزرەتی پێشەوای بەرزی جەمهووریەتی کوردستانی موعەزەم

مەوزووع نیهادی ئاغایانی ئێلخانی زادەیە

1. جەنەراڵ مستەفا بارزانی وادەر ئەکەوێ کەجەهد و کۆششێکی زۆری بەعەمەل هێنابێ هەتا شکڵی زاهیری ئاغایانی ئێلخانیزادەی خستبێتەئەو رووەوەلە شکرەکەیان بەتاڵ بکەنەوەو بێنەسابڵاغ مواجەهەی بارەگای بەرزتان بکەن. لەبەرئەوەی کەمەلامستەفا زاتێکەنەشارەزا لای وایەئەو وێنەوەعد و پەیمانەی دێبوکری یا مەتالیب و گلەیی ئاغایانی ئێلخانیزادەلەروویەکی راست و حەقانیەتەوەیە. باوەڕ ناکەم مەلامستەفا ئاگاداری سەوابق و نیهادو کردەوەی ئاغایانی ئێلخانیزادەبێ . جا لەبەر ئەوەی مەلامستەفا بەشکڵێکی میوان و دیدەنی تەشریفی هێنا بۆ سەرا و رەسمەن بەمن تەبلیغ نەکرابوو کاری مەلامستەفا چیەو لەچ ئمورێک مەسئوولەحەزم نەکرد مخالەفەی ئارەزو و نیهادی بکەم ئەمیش بۆ ئەم جیهەتەئیستشارەیەکی وەهای لەگەڵ منا نەکرد کەمن سیاسەتی ئەو ئاغایانەی تێبگەیەنم بەڵام لەنەتیجەدا بەقاقەزیکی شومارە10 و رۆژی 18021325 مەختەسەرەن لەبۆکانەوەبەم مەوزووعەشتێکی بۆ نووسیبووم ئەڵێ :

(ئاغایانی ئێلخانیزادەلەشکرەکەیان بڵاو کردوەتۆش ئەمر بکەلەشکری زەرزا لەناچیت و ئەو ناوەنەمێنێ رەوانەی جەبهە یان بکەئەمنیش لەگەڵ ئێلخانیزادەئەچم بۆ لای پێشەوا)

جالەبەر ئەوەی کەمن ئیدارییەن حەقی ئیستشارەو تەعلیقات و ئیقتراحی ئیدارەی ئەو مەنتەقەیەم هەیەئەوەبۆ بارەگای بەرزی زاتی پێشەوا ئەنووسم کەئەو نوقاتەجەوهەرییانەی خوارەوەبخاتەبەر نەزەر.

1. ئاغایانی دێبۆکری موتڵەقەن راست ناکەن ئەیانەوێ فرسەت بێنن . ئیتفاق و رووناکاییەکی کەلەتەرەف پیشەوا و بەعزەعەشایرێکی کورد هەیەلەرووی دۆستایەتیەوە، بیکوژێننەوە. تەرازووی موخالیف لەژێرەوەقورس بکەن .

2. ئەم ئەشخاسەسیاسەتی لای عەجەمیان شکاوەهیچ ئیجاب بەمەناکا بڵاوکردنەوەی لەشکرەکەیان بکەن بەمنەت بەسەر پێشەواو یا مەلا مستەفادا بەتەبیعەت لەشکرەکەیان بڵاوەئەکاتەوە.

3. ئەبێ ئەم ئاغایانەلەرۆژێکا ئیزهاری سەداقەت و ئیسباتی راستی خۆیان بەپێشەوا نیشان بدەن کەعەلیاغا و کوڕی مەحموداغا لەتاران و حەمەئاغای عەباسی لەسەقز بگەڕێنەوەو کومەگ بەخزمەتی پێشەوا بکەن . دەنا هەتا ئاغایانی ناوبراو لەناو عەجەمابن هیج وەخت تەئمینات و و ئومێدی خزمەتی پێشەوا لەم داروەستەیەناکریت.

4. ئاغایانی ئیلخانیزادەلەقەدیمەوەهەر گێرەشێوێن و دوژمن بەکورد بوون ئەمرۆ چۆن عەقڵ قەبووڵ ئەکا لەم حاڵەدا کەئەنواع خەیانەتیان لەگەڵ زاتی پێشەوا و ئەو ئەشخاسانەی کەحازر خزمەتی پێشەوان هەیانە و سەرەڕای ئەم خەیانەتەبەنیهادێکی پاک و راست گویی قوبووڵی فەرمانی پیشەوا بکەن.

5. ئەم میللەتەلەزدی سمایلاغای سمکۆ و حەرەکاتی من لەبانەو عەمەلیاتی پێشەوا لەسابلاغ نیشانەی عەجەم خواهیان پێوەهەیە. زەمان و تەبیعەتی خاریقەیان ئیسباتی کردوەکەئەوانەهاودەستی عەجەمن و جیدەن دوژمنی ئیتفاق و کوردایەتین.

6. جا بەم مناسەبەتەوەمن ئاخر نەزەریەم لەسەر ئەمەیەکەئەم شەخسانەبەفکری خزمەت و پێشەواپەرستی ئیزهاری دۆستایەتی بۆ جەنەڕال مەلامستەفادا ناکەن . بەڵکوو بەئەمەلی موستەقبەل ئەیانەوێ شیرازەی ئەو ئوسوول و ئادابەلەناو هەڵبگرن کەهەدەفی ئەساسیی زاتی پێشەوایە. جا تەعلیقات و نەزەریەی حەتمی من لەسەر ئەوەیەکەچەند ئاغایەکی مناسبیان جاری لەم وەختەدا (خانەشاری) لەشاری سابڵاغا. هەتا دوایی بەو کارەپیرۆزەی کوردی یەتەئەدرێت و یانەهەر بەتەبیعەتی حاڵ بەبێ دڵداری و تەلتیف ئیعادەبکرێنەوەبۆ جێگای خۆیان مراقەبەی ئەعمال و ئەتواری سیاسیانەیان بکەین . لەپاش پێک هاتنی مەرامی بەرزی پێشەوائەو وەختەئیعادەی نەزەر بکەینەوەبۆ معامەلەیەک کەلەو رۆژەدا دەرحەقیان ئیجاب ئەکات . ئیتر بەپێویستم زانی کەنەزەریەی خۆمتان لەبابەت مەلامستەفا و ئاغایانی ئیلخانیزادەبەعەرز بگەیەنم . ئیتر بژی پێشەوای بەرزی خۆشەویست.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لە سەرا.

---

**نامەی ئەحمەدخانی فاڕووقی 21021325 هێزی دیموکڕاتی کوردستان لکی بۆکان**

فەرماندەی موعەزەم هێزی بۆکان و مەنتەقە

رەحمان ئاغا قولڵغەتەپەکەبەئیسمی فاتحەخوانی قەرەنیاغا چوەنێو مامەش ئەلان مەعلووم بوەلەتەرەف ئیلخانیزادەوەکان مەئموور بوەو بۆ تەبلیغاتیان ناردوە و لەگەڕانەوەدا ملاقاتی لەگەڵ ئیلخانیزادەکان بوەو رەسولاغابرای کەناردبو یازی بڵاغی مەشغوولەبرواتەوە. بۆ مەعلوومات عەرز کرا. ئەم راپورتانەئەگەر بەستاد بگات چون ئەوانەلەگەڵ کاک جەعفەر کەریمی خزمن راپورتەکەئاشکرادەبێ و رەسیدەگی ناکرێ ئەگەر سەڵاحت زانی ئەو راپورتەئیزهار بفەرمووی بەئاغای نانەوازادەبگات .

معاون فەرماندەهی موعەزەم هێزی بۆکان و مەنتەقە ئەحمەد فاروقی

درێژەی هەیە